# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٥١ شەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٤٠٢ _ ٢٢ی جوولای ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## چەسپاندنی یەکیەتیی فکری و سیاسی



«پتەوکردنی یەکیەتیی سیاسی و فکری، ئەرکێکی بنەڕەتییە، کە دەکەوێتە سەرشانی هەموو ڕێکخراوە حیزبییەکان. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسییەکان وەک یەک بیر ناکەنەوە. ئامانجیش ئەوە نییە کە وەک یەک بیر بکەنەوە. چونکی ئەوە نە مومکینە و نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە. مەبەست لەو یەکیەتییە، ئەستاندنەوەی داهێنانی فکری لە ئەندامانی حیزبی نییە. بیر و باوەڕی جیاوازی دێموکراتیکی ئەوان، کلیلی چارەسەریی دروستی گیروگرفتەکانی حیزب بۆ بەرەوپێشچوونیەتی. بەڵام ناکرێ ئەندامی حیزبی دێموکرات بین و پێڕەوی لە زەمینەی فکریی حیزب و سازمانێکی دیکە بکەین... ڕادەی شۆڕشگێربوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی خۆی دەکات. حیزبی شۆڕشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گوایا بە باسی هەڵەی ڕابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یان لە ئێعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانە، پێ‌لێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتی‌یەکانی ڕابردوو، ناوبانگی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیددیبوون و بەرپرسبوونی حیزبەکە نیشان دەدا».

**د. عەبدولڕەحمان قاسملوو**

## پێداگریی کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب:

# سیاسەتی وەڵامدەر، یەکیەتیی تەشکیلاتی و یەک‌گوتاری

**ڕاگەیەندراو**

### (لە پێوەندی لەگەڵ کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا)

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، ٣٠ی پووشپەڕی ١٤٠٢ی هەتاوی (٢١ی جولای ٢٠٢٣ی زایینی) کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب لێکدانەوەیەکی سیاسیی لەبارەی گۆڕانکارییەکانی چەند مانگی ڕابردوو، و هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوانە و؛ هەروەها ڕاپۆرتێکی لە کار و چالاکیی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب و ئۆرگانە پێوەندیدارەکان پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە سەرەتای لێکدانەوەکەیدا بە ئاوڕدانەوە لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» (ژینا) و ڕۆڵی کارا و پێشەنگایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پەرەسەندنی لە سەرانسەری ئێران و دەنگدانەوەی لە ئاستی جیهاندا، هەڵوێست و خوێندنەوەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وەبیر هێنایەوە.

بەڕێز بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا تیشکی خستە سەر هۆکار و ئامانجەکانی ڕێژیم لە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکان، درێژەی هەڕەشە و گوڕەشەکانی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان و، هەروەها بەردەوامیی ماشێنی تیرۆری ڕێژیم دژبە تێکۆشەرانی دێموکرات و؛ هەموو ئەمانەی بە نیشانەی ترسی ڕێژیم لە ئیرادەی جەماوەریی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و بەرزیی پێگە و نفووزی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە قەڵەم دا.

باسکردن لە بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی وڵات، چەندی‌وچۆنی و ئاستی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ لایەنە کوردستانی و ئێرانییەکانی بەرەی ئۆپۆزیسیون، کوسپ و گرفتەکانی بەردەم پێکهێنانی ئالترناتیڤ و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی «مەنشووری جورج‌تاون» و بەردەوامی و درێژەی هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی لە دەوری نەخشەڕێی پێشنیاری -کە هەر ئێستا لە نێو ڕەوت و لایەنە سیاسییەکاندا ئاڵوگۆڕی بیروڕای لە سەر دەکرێ- ئەو باس و بابەتانە بوون کە بەشەکانی دیکە لە لێکدانەوەکەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبیان دەگرتە خۆ.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب، لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دۆست و هاوپەیمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی و ئەو دەرفەتانەی شۆڕشی ژینا بۆ کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ڕەخساندووە، باسێکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە باسەکەیدا پێی وابوو لە قۆناغی ئێستادا زۆرێک لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەسەلەی یەکگرتوویی و لێک‌نزیکبوونەوەی لایەنەکاندا بە پێویست دەزانن. بەڕێز عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە ڕوانگە و خوێندنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ شۆڕشی ژینا و دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد و ڕوونی کردەوە کە ئەو لایەنانە زیاتر لە خانەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە بۆ ئاڵوگۆڕەکان لە نێوخۆی ئێران دەڕوانن.

لە بەردەوامیی دەستووری کاری کۆبوونەوەکەدا، ئەندامانی ڕێبەریی حیزب وێڕای پەسەندکردنی لێکدانەوە و ڕاپۆرتی هەردوو بەڕێزان بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری و وتەبێژی حیزب، سیاسەت و هەڵوێستەکانی چەند مانگی ڕابردووی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە پێوەندی لەگەڵ پرسە سیاسییەکاندا بە درووست زانی. لە باسەکانی کۆبوونەوەکەدا ڕۆڵ و فیداکاریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان و ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ لای مەسەلەی کورد لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا لەلایەن ڕێبەریی حیزبەوە سەرنجی تایبەتیی خرایە سەر و هەر لەم پێوەندییەدا نایەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی ئالترناتیڤ وەک خاڵی لاواز و شوێنەواری خراپی لەسەر بزووتنەوەکە، ڕەخنەی لێ گیرا. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمایەسییانەش، ڕێبەریی حیزب وێڕای تەئییدی هەوڵەکانی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕوانگە هاوبەشەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ چۆنیەتیی دروستکردنەوەی ئێرانی داهاتوو، بەڕێوەبەریی حیزب و تیمی دیپلۆماسیی حیزبی بۆ دیالۆگ و گەیشتن بە دەرئەنجامێکی دڵخواز و وەڵامدەر، ئەرکدار کرد.

ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەیدا سەرنجی خستە سەر کۆمەڵێک باس و بابەتی نێوخۆیی پێوەندیدار بە ناکۆکییەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان و لەم پێوەندییەدا وێڕای تەئییدی هەوڵ و هەڵوێستەکانی بەڕێوەبەریی حیزب لەپێناو لێک‌تێگەیشتن و پاراستنی یەکڕیزیی نێوان لایەنەکان و دوورەپەرێزی لە گرژی و ئاڵۆزی، چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان و هەوڵدان بۆ یەکڕیزی و یەکگرتوویی لایەنە سیاسییەکانی بە زەروورەتێکی ئەساسی بۆ قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ئێران دانا.

باسکردن لە کۆمەڵێک بابەتی نێوخۆیی و ئۆرگانی، تەوەری کۆتایی دەستووری کاری کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب بوو کە بە بەشداری و وڵامدانەوەی بەرپرسانی ئۆرگانەکانی حیزب و بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب پاش هەڵسەنگاندن و تاوتوێ بڕیاریان لەسەر درا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**٣١ی پووشپەڕی ١٤٠٢**

## برینداربوونی حەوت ژینگەپارێز بەهۆی تەقینەوەی مین

نیوەڕۆی هەینی ٣٠ی پووشپەڕ لانی کەم حەوت چالاکی ژینگەپارێزی خەڵکی مەریوان لەکاتی کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکانی کانی‌میران لە سنووری ئەو شارە بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوون. ئەو ٧ کەسە کە ناسنامەی پێنج کەسیان بە ناوەکانی بەرزان پیرووزی، مادیح نیک‌پەی، بورهان مەکی، ئارام کەیوان و سەیوان نیک‌پەی ئاشکرا بووە، بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی بوعەلی مەریوان گواستراونەتەوە.

دارستانەکانی دەوروبەری مەریوان لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی پووشپەڕەوە و لە پێنج قۆڵەوە لە ناوچەکانی پارکی شنە، هەردی خەلیفەی پشت گوندی سێفی ژووروو، هەردی کانی‌میران، هەردی نێ و هەردی کانی‌پەڵک لە چاوگ لەلایەن کەسانی سەر بە سوپای پاسداران ئاگری تێبەردراوە و هەتا ئێستا هەوڵەکانی چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێز بۆ کۆنتۆڵکردنی ئاگرەکە بێ ئاکام ماوەتەوە. ژینگەپارێزان داوا لە خەڵکی ناوچەکە دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە هاوکارییان بکەن.

لە ساڵدا پتر لە ١٦ هەزار هێکتار لە دارستانەکانی ئێران دەبنە خەڵووز و بەپێی بەڵگە و سەرچاوەکان هۆکاری زۆربەی زۆری سوتمانەکان لە دارستانەکانی کوردستان دەستی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمیان لە پشتە.

## هەڵکشانی ئاماری دزی لە پارێزگای کرماشان (١ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار دزی لە ساڵی ١٤٠١دا)

بەرپرسانی پۆلیسی کرماشان دەڵێن لەماوەی ساڵێکدا ١١ هەزار و ١٠٠ کەس لەسەر دزیکردن دەستبەسەر و زیندانی کراون. بەپێی ئاماری پۆلیسی کرماشان ئەوەندە پەروەندەیەی دزی ١٩٪ زیاتر لە ساڵی پێشوو بووە. ڕۆژنامەی «اعتماد»یش لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە کە لە ٥ ساڵی ڕابردوودا دزیکردن بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر زیادی کردووە، بەجۆرێک کە دوای ماددە هۆشبەرەکان، دزیکردن دووهەمین تاوانە لە ئێراندا.

کارناسانی کۆمەڵایەتیی ئێران دەڵێن قەیرانی ئابووری و کاریگەرییەکانی وەک بێکاری و جیابوونەوەی هاوژینەکان هۆکارە سەرەکییەکانی دزیکردنن لە ئێراندا. هەروەها لە کاتێکدا کە بڕی دزیی بەشێکی زۆر لە بەرپرسان لە چوارچێوەی ئیختلاس و گەندەڵیدا بەراوەرد بە وردە دزییەکانی خەڵک ناکرێ، بەڵام پۆلیس تەنیا بەو وردەدزەکان دەوێرێ. لە تازەترین نموونە لەو دزی و گەندەڵییانە هەیئەتی گەڕان و بەدواداچوونی مەجلیس پارەکە لەقاوی دا تەنیا لە شیرکەتی فولادی موبارەکە پەروەندەیەکی دزییان کردۆتەوە کە بڕەکەی ٩٢ هەزار میلیارد تمەن بووە؛ بەڵام لەو پێوەندییەدا نە کەس دەستبەسەر کراوە و نە لە کەسیان پرسیوەتەوە.

بەپێی ئامارێک کە ناوەندی ئاماری ئێران بڵاوی کردەوە، لە ساڵی ١٣٩٦دا ٣٤٣ هەزار و ٤٢٥ حاڵەتی دزیکردن لە سەرانسەری ئێراندا تۆمار کراون، ئەوە لە کاتێک‌دایە لە ساڵی ١٤٠١دا بووەتە یەک میلیۆن و ٤٠٠ هەزار حاڵەتی دزیکردن.

